# بەتەنیشت دەستووری هەرێمەوە مەترسیەکی گەورە بەڕێوەیە!

## حەمە غەفور

سیاسەتێك کە پێش سێ ساڵ و نیو لە ڕێگای هێرشی سەربازییەوە توانی لە فەزای ژێر کاریگەریی تەبلیغاتی جەنگیی دوای کارەساتی 11ی سێپتێمبەرو سەرکەوتنی لە داماڵینی دەسەڵاتی تالیبان لە ئەفغانستاندا، سەددام حسین و ڕژێمەکەشی لەسەرکار لابەرێت، ئێستا لە زاری کەسی پلەیەکی دەوڵەتی ئەمریکاوە(جۆرج بوش) شکستی خۆی لە بە ئاکامگەیاندنی لە عێراقدا بە جیهان ڕادەگەیەنێ. سەرباری هەر تەحەددایەکی ژورنالیستیی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بۆ مانەوەو بەردەوامبوون لە عێراقدا، حاڵی حازر لە بەرگریدایەو بە بڕوای من هەر دەریچەیەك دەقۆزێتەوە بۆ ڕزگاربوون لە لیتاوێك کە بەهۆی "سیاسەتی دەستوەشاندنی پێشگیرانەو گۆڕانکاری لەسەرەوە"ڕا کە بەر لە هەر کەسێ خۆیانی تیا نقوومبوون. ڕایەڵ و پۆی فەرشی گوڵگوڵیی 15ساڵەی ژێر کورسی دەسەڵاتی ئەحزابی قەومیی کورد لەگەڵ ئەم سیاسەتە شکستخواردووەی ئەمریکادا گرێدراوە. هەرەسی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق هەتا بەراوردناکرێ بە شکستی لە ڤێتنام! بێگومان لەگەڵ خۆیدا ژیان و جووڵە لە کۆڕپەڵەکانیشیدا کۆتایی دێت. ئەو هێزو پێکهاتە کۆنەپەرستانەی لەناو لیتاودا نەشونمایانکردو بوونە دەسەڵات، یەکەمین کاردانەوەو پەلاماریان بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەبێ. بێگومان کاردانەوەی فاشیزمی عەرەبی دڕندانەترو فاشیانەتر لە ڕژێمی بەعسی دەبێت لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا. ئەمە تەمەنناو خوتورەی دڵی کەس نییە، واقعییەتێکی بەرچاوەو ڕۆژانە تەدمیری ژیان و ئینسانییەت و شارستانییەتی کۆمەڵگایەك لە ژێر سێبەری ئەمریکادا بەدەستی هارترین و پیسترین داروودەستەی ئینسانکوژی ئیسلامی و قەومیی ئەتك و نابوود دەکرێ. "ڕزگاریی عێراق" کەشیعاری یەکەمی ئەمریکا بوو، هەڵگەڕایەوەو ژنانی کۆمەڵگایەکی 25ملیۆنی ئاخنییە کونجی ماڵ و لەڕێگەی دەمەزەردی ناموسپەرستییەوە پیاوانی کۆمەڵگایەکی بەرداوەتە گیانیان و ڕۆژانە قەسابییان دەکەن و بەمجۆرە وڵاتی گۆڕی بۆ دەڤەرێکی قەبیلەنشین، "دیموکراسی و مافی مرۆڤ" کە ئامانجێکی ڕووکەشیی دیکەی ئەمریکا بوو، لە عێراق مانای بۆتە شەڕی تایەفەگەری و هەر ڕۆژە بەپێی ئاماری ڕەسمی تەنها لە بەغدا 500ئینسان یا بەدەم سەیارەی بە بۆمبچێنراوەوە لەتوپەتدەبن، یا لە پەناوپاسارەکاندا سەریان لە لەشیان جیاکراوەتەوە! ئەڵێی سەردەمی هاروونەڕەشیدەو مەدەنییەت هێشتا سەری دەرنەهێناوە لە عێراق.

ئەگەر کوردستان نەکرایەتە قوربانی کورسی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، وەکو لە دیباجەی دەستووری هەرێمدا بێخورپە باسکراوە، زیاتر لە 80ساڵە دەسی دەسی بە خەڵکی کوردستان و بەکێشەکەیانەوە دەکرێت، تەنانەت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی نەتەوەکانیش نەبوایەتە دەسکەلای سیاسەتی ئەم و ئەو، بەدوای هەرەسی ڕژێمی بەعسدا، ئەحزابی دەسەڵاتداری قەومی کوردستان تەنها بۆ یەك جار بگەڕانایەتەوە بۆ ئیرادەو ڕای خەڵکی کوردستان و خۆیان نەبوونایەتە لەمپەری بەرپێی سەربەخۆیی، لە 15ساڵی ڕابردوودا دەتوانراو بە تەواوی ئیمکانی ئەوە لەئارادابوو کە لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا مەسەلەی کوردستانی عێراق یەکالابکرێتەوەو گرێیەکی گەورەی سیاسەتی ئەم ناوچەیە دەکرایەوە. ئەگەر بە هەق ئەمریکاش دیموکرات و دۆستی کوردو فریشتەی ڕزگاریی بوو، بۆچی دەبێ پاش 80 ساڵ جەورو کوێرەوەری ئەم خەڵك و کۆمەڵگایە هێشتا پێیان بڵێ زووەو کاتی نەهاتووە! نەك دەبووایە لە دژی ئیرادەی جەماوەری کوردستان بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی ڕانەوەستایە، دەبووایە پشتگیری لێبکات. بەمشێوەیە دەتوانرا زەربەیەکی کوشندە لە تیرۆریستانی ئیسلامی و قەومی و بەعسی بدرایەو لە هەمانکاتیشدا کوردستان دەبووە دەروازەیەکی ئومێدی واقعی و بەرجەستە بۆ دەرکێشانی کۆمەڵگای عێراق لە گێژاوی ئەمڕۆکەی. ئەم ئیمکان و دەرفەتە هێشتا لەبەر دەستدایەو دەکرێ دەستی بۆ ببرێ. ئەمەش بەڵگەکانییەتی، دەوڵەتی ناوەند نەك بوونی نییە، خودی دەوڵەت لە عێراقدا چۆتە دواوەو جیگایداوە بە دەسەڵاتی تایەفەو عەشیرەو قەبیلەو دەستەوتاقمی چەقۆکێش و جڕوجانەوەر. 15ساڵە کوردستان تاڕادەیەك بەشێوەی دیفاکتۆ سەربەخۆیەو نیمچە جێگیرییەکی تیا بەرقەرارە. دەوڵەتانی دەوروبەر دەرگیری ئەزمەی دەسەڵات و حکومەتن و لەلایەن خەڵك و کۆمەڵگاکانیانەوە لەژێر پرسیارو گوشاردان. لە هەموو شتێکیش گرنگترو بەولاوەتریش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان خۆشی ئێستا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر مەیلی بە جیابوونەوەو سەربەخۆیی هەیەو بە کردەوەش 2ملیۆن ئیمزای داوە بە کەمپەینێکی لاوەکی. خۆ ئەگەر ئەحزابی وەکو پارتی و یەکێتی بێنە پشتی خواستی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەو پیکهێنانی دەوڵەت خەڵکی کوردستان سێودووی لێناکەن و بە دڵ و بە گیانیشیان بەرگری لەم هەقە ڕەوایەی خۆیان دەکەن.

بەڵام سەیر لەوەدایە دیباجەی دەستوور لەمسەر تا ئەوسەری باس باسی ئەوەیە کە چۆن خەڵکی کوردستان و ئەم کۆمەڵگا زامدارو پڕ لە نەهامەتییە، بەدرێژایی دەیان ساڵ لەپێناوی مەرامی سیاسی زلهێزەکانی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوروبەردا مامەڵەو ساتوسەودای پێوەکراوەو هیچ کەس و لایەن و هێزێك تۆزقاڵێك ویژدانی بۆ جەورو ستەمی سەر ئەم خەڵك و ناوچەیە نەبزواوەو بە وەعدو بەڵێن سەرمەستیانکردوون و پاشان لێی پاشگەزبوونەتەوە! کەچی گەورە یاساناس و پسپۆڕانی یاسایی و بوواری عەدالەت و دەسەڵاتی دەستووری کوردستان ئەفسووس هاتوون بە دەست و قەڵەمی خۆیان نوشست و بوونەقوربانی هاووڵاتیانی خۆیان لیستدەکەن. دێن و بە هەڵکۆڵینەوەی ئەو برینە کۆنانە دەیانەوێ ئەمجارە لە سەردەمانی باشترین دەرفەت و بوواری ڕەخساودا، دیسانەوە بەدەستی ئەحزابی خۆماڵی و لەڕێگای دەستووریی و یاساییەوە برینێکی چەندان قووڵتر بکەنە ویژدانی ئەم کوردستانەو ئەم خەڵکەوە. لەکاتێکدا بەبەرچاوی خۆمان و بەبەردەم ویژدانی هەموو جیهانەوە مەترسییەکی گەورە لەبەردەرگای ماڵەکانماندا خەوتووە. فاشیزمی قەومی-ئیسلامی بە هەموو شتێکیانەوە دیارە کە لیك بە دەمیاندا دێتەخوارێ کە دەبینن کوردستان تەنانەت لەژێر سایەی

دەسەڵاتێکی گەندەڵی خۆماڵیدا کەمێك ئارامتر هەناسەدەدات. بەڵام ئەوەتا دەسەڵاتدارانی کوردستان هەمان دەستووری قەومی-ئیسلامی عێراقیان هێناوەو بە ڕێزکردنی چەند مەرامی سیاسی تایبەتی خۆیان بەکردەوە بەناوی فیدراڵییەتەوە کوردستان دەکەنە ئاگردانی یەکلاکردنەوەی شەڕی تائیفی لەعێراقداو عێراقی عوروبی دادەمەزرێننەوە. ئەگەر دەسەلات و ئاییندەت لە مەترسیدا بێت، دەستووردارِشتن بۆ ناوچە یا هەرێمێکی هەڵواسراو لەڕووی سیاسی و نێودەوڵەتییەوە بێجگە لە خۆخەڵەتاندن چ مانایەکی دیکەی دەبێت!؟ کێ ئەم بڕیارە دەدات و کێ جێبەجێیدەکات کە کوردستان و خەڵکەکەی دیسانەوە بخرێتەوە ناو قومارێکی دۆڕاوەوە!؟ ئەم دەستوورە لە حوکمی ئەم قومارەدایە بۆ خەڵکەکەی، بەڵام بۆ دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی خۆژیاندنە بەسەر پەتی هەڵواسینی چارەنووسی ئەم خەڵك و کۆمەڵگایەوە. بۆیە پیموایە ئەم دەستوورە هەر بە دیباجەکەیەوە دیارە چۆن بە هەردوو دەست کوردستان دەهاوێتە ئامێزی ئەو هێزو لایەن و دەوڵەتانەی کە پێشتر دڕۆیان لەگەڵیانداکردووەو ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەیان کردۆتە نسیبیان.